کاوه جەلال

# رۆڵی گەمە لە گەشەی کەسێتیی منداڵدا

خەریکبوونێکی رەخنەیی لەتەک تیۆرییەکەی ڤیللێم شتێرندا

## پێشگۆتن

گەمەی منداڵ چالاکییەکی کرۆکییە لە ژیانی منداڵدا. لێ ئایا گەمە چییە؟ ئایا ئەو پاڵهێزانە چین کە تەنانەت منداڵی شیرەمژە بۆ گەمە بە ئەندامانی لەشی خۆی دەبزوێنن؟ ئایا ئەم ڕووداوە سەنترالییەی ژیانی منداڵ چە کاریگەرییەکی لەسەر ژیاندنی ژیانی مرۆڤیانەی ئەو هەیە؟ واتا ئەوی مرۆڤ وەک زیندەوەرێکی یونیڤێرساڵ کە نەک تەنیا گەرەکە بۆ ژیاندنی مرۆڤێتییەکەی خۆی پێبگەیەنرێت، بەڵکو هاوکات گەرەکە دەرفەتی بۆ ئاوەڵا بکرێت خۆی مرۆڤێتییەکەی بژێنێت؟

ئێمە لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا تیۆریی گەمەی ڤیللیێم شتێرن بە شێوەیەکی سیستەماتیک دادەڕێژین، پاشان لە بەشی دووەمدا دەیخەینە ژێر ڕەخنەوە، لێرەشدا بە تایبەتی ڕەچاوی ڕوانگە نوێترەکەی هانز مۆگل بۆ گەمەی منداڵ دەکەین. تیۆریی گەمەی شتێرن گەرەکە دانوستان بکرێت، چونکە ئەو وەک توێژەرێکی هەرە سەرەتایی گەمەی منداڵ کاری پێشەنگی لەم بوارەدا ئەنجامداوە. لێرەدا مەبەستمەندیی گەمە کە شتێرن جەختی لێ دەکات، واتا گەمە وەک مەبەستی ڕووکردووە ئایندە، کێشەیەکی کرۆکییە کە ئێمە ڕەخنەییانە کاری تێدا دەکەین.

# داڕشتنی تیۆریی گەمەی منداڵ لای شتێرن

## 1- پێناسەی گەمە

بە دیدی شتێرن گەمە چالاکییەکی ئازادە کە مەبەستەکەی لەنێو خۆیدایە: "مەبەستی چالاکییەکە لەنێو خودی گەمەدایە، چونکە چالاکییەکە "بەتەواوی لە خۆیدا دادەمرکێتەوە" و "ڕووی نەکراوەتە ئامانجێک لە دەرەوەی خۆی"، وەک چۆن ئەمە بۆ نموونە لە ڕەوشی "کار"دا دەبینین کە هەمیشە ڕووەو دەرەوە ئاڕاستەدراوە. بە واتایەکی دی، مرۆڤ لە ڕوانگەی شتێرن تەنیا کاتێک گەمە دەکات، گەر ئاگایی ئەو "لەژێر جدییەتی خەباتی ژیاندا" نەچەمێنرابێتەوە ([1]).

لەبەر ئەوەی مەبەستی گەمە لەنێو خۆیدایە یان گەمە خۆمەبەستە، ئەوا مەبەستەکە بە تەواوبوونی گەمەکە تەواو دەبێت. لکاندنی گەمە بە مەبەستێکی دەرەکییەوە، بۆ نموونە بردنەوەی پارە بەڕێی کۆنکەنەوە، بە دیدی شتێرن لە کرۆکی گەمە کراوەتەوە و لەبەر ئەم هۆیە چیدی گەمە نییە. ئاخر گەمە دەبێت "گەمەی پەتی" بێت، واتا دەبێت "گەمەکە بەدەربێت لە هەر مەبەستێکی دەرەکی و نامۆ بە گەمە" ([2]). ئەوجا لەبەر ئەوەی مەبەستی گەمە لەنێو خۆیدایە، ئەوا نە وەک دەسوێژ وەردەگیرێت و نە پشتگیری دەکرێت، بەڵکو بە شێوەیەکی سپۆنتان (عەفەوی) "لە قووڵترین پێداویستیی تاکەکەسەوە بۆ چالاکی" دێتەگۆڕێ، لێرەشدا "تاکی گەمەڤان خۆی ئەو گەمەیە بەگوێرەی ناوەرۆک و فۆرم و ماوەکەی دیاریدەکات" ([3]). چالاکیی ڕەمەکیانە لە سروشتی مرۆڤەوە دەردەچێت و پێکهاتەیەکی سەرجەمییانەی مرۆڤە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە شتێرن هاوشێوەی فریدریش شیلەر لە "ڕەمەکی گەمە" لای منداڵ دەدوێت؛ لە ڕەوشی ئەم ڕەمەکەشدا، "هاوشێوەی هەموو ڕەمەکەکانی دی، تاکەکەس بە خواستێکی نەشیاوی ڕاگیرکردن دەتەنرێت، ئەویش خۆی بۆ تەرخان دەکات بەبێ ئەوەی بپرسێت بۆچی و لەپێناوی چیدا گەمە دەکات" ([4]).

ئەم پێناسەیەی گەمە هێشتا هەر شتێرن قایل ناکات. وەک گوتمان، گەمە بە دیدی ئەو چالاکییەکە کە مەبەستەکەی لەنێو خۆیدایە. لێ شتێرن لە لایەکی دی مەبەستی ناخەکی لە گەمەی منداڵدا دەبینێت: ئەم مەبەستە ناخەکییانە "زۆر دوور لە ساتی ئامادەی هەر چالاکییەکی گەمە تێپەڕدەکەن، بەڵێ تەنانەت گەمە دەکەن بە دەسوێژێک لە خزمەتی ئەرکە گشتییەکانی ژیاندا" ([5]). کەواتە گەمە لە لایەک چالاکییەکە کە مەبەستەکەی لەنێو خۆیدایە و وەک ئەمەش "دیاردەیەکی ئاگایی"یە، لێ گەمە لە لایەکی دی "وەک چالاکیی ژیان شیاوی لێتێگەیشتنە، ئەوەش سەربەخۆ لە دیاردانە ئاگاییئاساکەی" ([6]). کەواتە شتێرن خۆی تووشی پارادۆکسییەک (نەسازییەک) دەکات. ئەم پارادۆکسییە بە دیدی ئەو

لە خودی چالاکیی گەمەوە سەرهەڵدەدات، ئەوجا بۆ خۆبەدوورگرتن لێی خێرا پشت دەکاتە پرسی گەمە وەک دیاردەی ئاگایی و تەنیا لە ڕەگی بیۆلۆژیانەی مرۆڤەوە لە چالاکییە ڕەمەکییەکانی مرۆڤ دەڕوانێت. شتێرن لێرەوە دەگات بەم پێناسە پوختترەی گەمە: "گەمە بریتییە لە شکۆفەی ڕەمەکییانەی ئەو زەمینە خۆرسکانە کە تاقیکردنەوەی بێئاگای چالاکییە جدییەکانی ئایندەن" ([7]).

## 2- فاکتەرە ناخەکی و دەرەکییەکانی گەمەی منداڵ

بە دیدی شتێرن زیندەوەری مرۆڤییانەی نوێزاێنراو "ڕیزێک چۆنێتیی پێگەیشتوو لەتەک خۆیدا دەهێنێتە نێو جیهانەوە"، پاشان چۆنێتیی دیکە "لە ڕەوتی گەشەی تاکەکەسدا کەم یان زۆر خێرا سەرهەڵدەدەن" ([8]). لێ گەر نوێزاێنراوی مرۆڤی بە نوێزاێنراوی ئاژەڵی بەراورد بکەین، دەبینین کە ئاژەڵ ڕەمەکی ڕێکخراوتری لە مرۆڤ هەیە، ئەمەش بە واتای توانستە خۆرسکەکانی مرۆڤ دەبێت پەیوەند "بە مەرجە بەردەوام پێشڤەچووەکانی ژیانەوە گەشە بکەن"؛ لێرەدا هاوکات پرنسیپی گەشەی ژیانی هۆشەکیی مرۆڤ لەگۆڕێیە ([9]). لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤ زیندەوەرێکی کامڵ نییە، واتا وەک ئاژەڵ نییە و ئۆرگانەکانی بە ژینگەکەی گونجابن، بەڵکو دەبێت توانستەکانی پێبگەیەنێت. کەواتە مرۆڤ زیندەوەرێکی کەمایەسیدارە (نوقسانە).

منداڵی بەشێکی تایبەتیی ژیانی مرۆڤە. لە منداڵیدا "ئەو توانستانە کە هێشتا لە قۆناغی ئامادەکردندان" ([10])، هێدی هێدی کامڵ دەکرێن و بەپێی مەرجەکانی ژینگە شێوەیان پێدەدرێت. سیمایەکی تایبەتیی ئەم بەشەی ژیانی منداڵ ئەوەیە کە ئەو خواستی لە ڕادەبەدەری بۆ گەمە هەیە — گەمە کە "قووڵترین تێکچڕژانی ئەو توانستە ناخەکییانەیە کە پێویستە دەستیان لێبدرێت و چارەسەر بکرێن" ([11]).

چالاکییە ڕەمەکییەکانی مەلۆتکەی نوێزاێنراو بە دیدی شتێرن گەمەن وەک تەقەلا ڕووەو ئامانجێکی بێئاگا، واتا ئەم چالاکییانە تایبەت نین بە ژیانی هەنووکەی منداڵی ساوا: "لەنێو جووڵە و ڤنگەڤنگدا ئەو لایەنانە بەدەم گەمەوە دەردەکەون کە پاش ساڵێک دەبن بە ڕەمەکی ڕۆیشتن و بێژتن، هەروەها زەرووەرەی ژیانن" ([12]).

توانستە خۆرسکەکانی منداڵ فاکتەری ناخەکین بۆ گەمەی منداڵ، ئەوجا فاکتەری دەرەکی ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و بریتین لە مەرجەکانی ژینگە و دەوروبەری خێزانی. ئاخر منداڵ لەکاتی زایینیەوە بە جیهانێک دەوردراوە کە لە پەیوەندیی نێومرۆڤی و بابەتی و کولتووری پێکدێت، جیهانێک کە لەنێو خۆیەوە و بە شێوازێکی تایبەتی کاریگەری

لەسەر هەر منداڵێکی نوێزاییێنراو دەنوێنێت. بۆ نموونە سێنسەکانی (حەواسەکانی) منداڵ دەرکی شتان دەکەن، ئەویش بەو بابەتانە گەمە دەکات کە دەوری ئەویان داوە. یان منداڵ لەتەک منداڵانی هاوشێوەی خۆیدا پێکدێت و ئەزموونی شێوەیەکی نوێی ژیان دەکات. سەرجەمی ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان لەسەر گەمە و بەمەش لەسەر خودی منداڵ هەیە.

منداڵ لە دوو لایەنەوە کاری تێدەکرێت: لایەنی هاوگەمەڤان و لایەنی بابەتەکان. کاریگەریی بابەتەکان لەسەر منداڵ دەشێت چە پۆزەتیڤ و چە نێگەتیڤ بن: چە کەموکورتی لە ئامرازی گەمەدا و چە بزرکردنی منداڵ لەنێو ئامرازی گەمەدا دەشێت کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر منداڵ بنوێنن: گەر منداڵ ئامرازی گەمەکردنی نەبێت بۆ ئەوەی "ڕەمەکەکانی گەمەی خۆی بەسەریاندا بەکاربهێنێت"، ئەوا "ڕێی گەمەکردنی لێدەگیرێت"، ئەوەش سەرەنجامی نالەباری بۆ شکۆفەی دەروونیی ئەو دەبێت؛ هەروەها گەر منداڵ لەنێو ئامرازی گەمەدا بزر بکرێت، ئەوسا "بزێو و رواڵەتیی" لێدەردەچێت، چونکە مرۆ بەڕێی ئەو هەموو ئامرازەوە "بەهای گەمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە" ([13]). لێ بۆ گەشەی منداڵ رۆڵی هاوگەمەڤان زۆر گرنگترە لە رۆڵی ئامرازی گەمە. "لای ئەو منداڵانە کە زۆر بە تەنیا جێدەهێڵرێن، زۆر جار کولبوونی ڕەمەکەکانی گەمە بەدیدەکرێت" ([14]). هۆی ئەمە بە دیدی شتێرن لەوەدایە، کە زۆرینەی ڕەمەکەکانی منداڵ کە گەمەش یەکێکیانە، تەنیا لەنێو چێوەیەکی سۆسیالدا شیاوی ساتارکردنن، چونکە منداڵ لە ساتی زایینییەوە پێویستیی بە سۆز و خۆشەویستیی ئەو خێزانە هەیە کە دەوری ئەوی داوە. سەرەڕای ئەوە منداڵ ناتوانێت تەنیا بە گرنگیدان و خەمخۆریی دایک و باوک، بەگشتی هینی کامڵەکان، قایل بێت. منداڵ بە تایبەتی "لە تەمەنی نێوان چوار تا شەش ساڵاندا (...) بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر لە لایەن منداڵانی دیکەوە ڕادەکێشرێت. نواندنی پەتائاسای هەڤاڵانی گەمەڤان، چالاککردنی یەکدی، هاوبەشی لە گرنگیداندا و هاوتەمەنیدا، پێکڕا دەبن بە فاکتەرێکی نەشیاوی دەستبەرداری بۆ گەشانەوەی گەمە، بە تایبەتی گەشانەوەی گەمەی سۆسیال" ([15]).

### 3- جۆرەکانی گەمە لە قۆناغی سەرەتای منداڵیدا

گەمەی منداڵ "لە من ی خۆ"وە ([16]) سەرچاوە دەگرێت و "کاریگەرییەکەی بۆ نێو کایەی بەرینتر پەرەپێدەدات" ([17])، واتا گەمە بەسەر پلەی جیاوازدا ڕەتدەبێت. پلەکانی گەمە بریتین لە تەرخانکردنی گەمە بۆ جەستەی خۆ، هەروەها گەمەکردن بە بابەت. ئەم جۆرەی گەمەکردن بە بابەت لە گەمەی تێکشکێنەرەوە ڕووەو گەمەی دروستکەر "بەرزدەبێتەوە" و منداڵ لە ڕەوتیدا هەمیشە پتر گۆڕان بە "ئاگایی سۆسیال"ی خۆی دەدات.

## 3.1 گەمەی تەنیای ساوا

سادەترین فۆرمی گەمە کە ساوا لە قۆناغی سەرەتایی ژیانیدا دەیکات، "گەمەکردنە بە ئەندامانی لەشی خۆی" ([18])، بۆ نموونە هەڵگلۆفینی چاو بە دەست لە یەکەم ساڵچارەکی ژیاندا. ئەمە بە دیدی شتێرن شێوەیەکی گەمەیە کە منداڵ لەتەک خۆیدا ئەنجامی دەدات. بەم پێیە گەمە سادەترین بزووتنەکانی ساوا دەگرێتەوە، بەڵی ئەم بزووتنانە بە دیدی شتێرن ڕاهێنانی سەرەتایین بۆ گەمەی ئایندە و چالاکیی دیکە، بە واتایەکی دی، بزووتنەکانی ساوا لکاون بە مەبەستی تایبەتییەوە، خۆیان لەنێو پەیوەندیی کاوساڵدا (هۆئەنجامیدا) دەبیننەوە. کەواتە خۆدەربڕینی سپۆنتانی (عفوی) منداڵ نین. "جموجووڵەکانی منداڵ ڕاهێنان بە ماسولکەی لاق دەکەن و بەهۆی ڕیتمەکەیانەوە ئاماژە بۆ جۆرێک ڕۆیشتنی تایبەتی دەدەن. جگە لەمە منداڵ بەبێ گەمەی ڤنگەڤنگ ناتوانێت توانستی سەروەری بەسەر بزووتنی زمان و مل، بەسەر لێو و سییەکاندا کە سەراپا پەیڤین دەشێنن، پەیدا بکات" ([19]). ئەم بزووتنانە سیمای گەمەی منداڵن لە یەکەم ساڵچارەکی ژیانیدا و پلەی پێشینەی دووەم ساڵچارەکن، واتا ئەو پلەیە کە تێیدا منداڵ فێری گرتن دەبێت.

## 3.2 گەمە بە بابەت

لە دووەم بەشی ژیانی منداڵی ساوادا "گەمە بە بابەت سەرچاوەدەگرێت" ([20]). منداڵ لە یەکەم ساڵچارەکی ژیانیدا قایلە بە گەمەکردن بە ئەندامانی لەشی خۆی، لێ لە دووەم ساڵچارەکی ژیانیدا فێری گرتن دەبێت، ئەوەش بەڕێی دەستدانەوە لە بابەتەکان. بەم شێوەیە منداڵ فێردەبێت "دەسەڵات بەسەر شتەکاندا" بنوێنێت، واتا "دەیەوێت لە دەرەوەی خۆی شتێک بگرێت و بەسەریدا زاڵ ببێت" ([21]). منداڵ سەرەتا گەمە بە هەموو ئەو شتانە دەکات کە دەکەونە بەر دەستی، ئەوجا هەر ئەوەندەی فێربوو گەمەی "سەروەربوون بەسەر شتەکان"دا بکات، ئیدی فێری ئەوەش دەبێت کە "ئامرازە ڕاستەقینەکانی گەمە لە شتانی دی" جیابکاتەوە ([22]).

گەمەکانی منداڵ لەم بەشەی ژیاندا ڕەهەندی نوێ وەردەگرن، جا گەرچی هێشتا هەر گەمەکردن بە لەشی خۆی کارایە. ئێمە دەبێت لای شتێرن جیاوازی لە نێوان دوو قۆناغی گەمەکردندا بە بابەت بکەین: منداڵ لە یەکەم قۆناغدا گەمە بە هەر شێوەیەکی بابەت دەکات بەبێ ئەوەی بابەتەکان "لە هەبوونی خۆیاندا بگۆڕێت"، بە پێچەوانەوە گەمە لەم قۆناغەدا سووک و ئاسان کارایی ساتارکردنی هەیە، بۆ نموونە پێداویستیی منداڵ بۆ دەنگ (بابەتێک چەند جار دەکێشێت بە زەویدا). لە قۆناغی دووەمی گەمەکردنی بەم چەشنەدا تەنیا ئەو گەمانەی بابەت کارایی "ڕاهێنان"ی سەروەربوون بەسەر شتەکاندا وەردەگرن، کە تێیاندا "بابەتەکان و پێکهاتەیان لە لایەن منداڵەوە دەگۆڕرێن" ([23]). لێ شتێرن ئەم قۆناغەش

بەسەر دوو پلە یان دوو جۆری گەمەدا بەش دەکات کە بریتین لە تێکشکاندن و دروستکردن. چۆن منداڵ بەگوێرەی کۆنسێپتی شتێرن لە مرۆڤێکی ڕەمەکییەوە ڕووەو مرۆڤێکی بەئاگا لە بەرپرسیاری گەشە دەکات، بە هەمان شێوە ئەم دوو جۆرەی گەمەش بەدووی یەکدیدا دێن، کەواتە سەربەخۆ نین لە یەکدی، چونکە "لە مێژووی دەروونی منداڵیشدا، هاوشێوەی سەرجەم گۆڕانە مێژووییەکان، تێکشکاندن بە پێش دروستکردندا ڕادەبورێت" ([24]).

منداڵ لە یەکەم شێوەی گەمەدا هەر شتێکی بەردەست بکەوێت، تێکیدەشکێنێت. لێ، وەک شتێرن دەبێژێت، ئەم چێژبینینەی منداڵ لە تێکشکاندن قەلاچۆکردنی بەهاکان نییە، بە پێچەوانەوە "منداڵ گەمە بە بابەتەکان دەکات، هێزی خۆی بەسەریاندا تاقیدەکاتەوە و هێزەکەی بە بەرهەڵستیی شتەکان دەگات، لێ ئێستا هێزی ئەو بە قەد ئەوە بۆ چالاکیی دی بەرزدەبێتەوە، پاشان منداڵ بە سەرکەوتنی کۆتایی خۆی شادمان دەبێت بەبێ ئەوەی گرنگی بە ئەنجامەکەی بدات. ئاگایی هۆکار-بوون کە ئەوەندە پڕهێز بە حەز تەنرابێت، لە هیچ جێیەک هێندە توخمی نییە وەک لە حاڵەتی تێکشکاندندا. ئاخر سەرجەم دروستکردن کاتی دەوێت، بەڵێ دروستکردن تەنیا قۆناغمەندانە مرۆ بە ئامانج دەگەیەنێت، لێ پاڵهێزێکی ناخەکیانەی وەک: "ئێستا بە بورجەکەدا دەکێشم"، ڕاستەوخۆ و تەقێنەرانە مرۆ بەرەو سەرکەوتن دەبات" ([25])

ڕووی پۆزەتیڤی چالاکیی تێکشکاندن لای منداڵ بریتییە لە "فێربوون". منداڵ بەم ڕێیەوە فێری "فیزیکی بەرهەڵستی، خاوی، سرەوتوویی و کێشی بابەتەکان دەبێت، پاشان فێری پێکهاتەی ناخەکییان دەبێت کە لە حاڵەتێکی بەم چەشنەدا نەویستانە دیاردەدات" ([26]).

لە ڕەوتی گەمەکانی تێکشکاندندا گۆڕان بەسەر دەروونی منداڵدا دێت و هێدی هێدی گۆڕان دەدات بە "توانستی پێکهێنەری دەروونی"؛ منداڵ ئێستا فێری گەمەی دروستکەر دەبێت، ئەویش بەوە کە ئەو "لە توخمەکان پێکهاتەی نوێ" دروست دەکات ([27]). پاڵهێزی سەرەکیی گەمەی دروستکەر بریتییە لە "خواستێکی تایبەتیی ئەفراندن کە دەیەوێت نەک تەنیا لەنێو ئەنێشەدا، بەڵکو هەروەها لە ڕیالێتیشدا بەها بهێنێتە ئاراوە" ([28])؛ ئاخر منداڵ لەم ڕەوشەدا خۆی دەبێت بە هۆکار، ئەمەش شادمانییەکی لە ڕادەبەدەر بە ئەو دەبەخشێت. شادیبینین لە بوون بە هۆکار نەک تەنیا "لەکاتی گەمەی تێکشکاندندا (...) دەردەکەوێت"، بەڵکو هەروەها لە قۆناغی گەمەی دروستکردندا بە بابەت، کە ئیدی "لە لایەک دەبێت بە شادمانییەکی هۆشەکییانەی زۆرانبازی، ئەویش بەوە کە منداڵ دەکەوێتە زۆران لەدژی ئەو چەڵەمانە کە خۆی هێناونیەتە ئاراوە، لێ لە لایەکی دی دەبێت بە شادمانیی دەسەڵات و دروستکردن، شادمانییەکەش بێگومان کاتێک دێتەگۆڕێ گەر منداڵ لەو ڕەوشەدا بتوانێت فۆرمی نوێ بە شتەکان بدات" ([29]).

لە گەمەکانی دروستکردندا زۆر زوو مۆرکە تایبەتییەکانی دوو ڕەگەزەکە ئاشکرا دەبن. بە دیدی شتێرن گرنگترین ئەدگاری ئەم جیاوازییەی ڕەگەزەکان ئەوەیە کە "ڕەگەزی مێیینە (...) لە ژیانی دەروونیدا کەمتر (لە رەگەزی نێرینە) بەبەرهەمە" ([30])، ئەم جیاوازییەش لە تەمەنی دوو ساڵییەوە بەدیدەکرێت. لای کوڕان، بە پێچەوانەی کچانەوە، "لەم کاتە بەدواوە بە زیندوویی پاڵهێزەکان بۆ پێکەوەلکاندنی سەربەخۆی هەر شتێک دەبزوێن" ([31]). لە تەمەنی نێوان چوار بۆ شەش ساڵیدا گەمە دروستکەرەکانی هەردوو ڕەگەزەکە بەڕوونی دەردەکەون، لێ لەم تەمەنەشدا "کوڕان هەر پێشکەوتووترن" لە کچان ([32]). جیاوازییە ڕەگەزییە تایبەتییەکان لە ڕەوتی پێگەیشتنی هەردوو ڕەگەزەکەدا هەمیشە ئاشکراتر دەبن و بەتایبەتی لە گەمە سۆسیالەکاندا، لێرەش بەتایبەتی لە گەمەی لاساییدا، خۆیان دەنوێنن.

لێ ئەم گۆڕانە لە لای دوو ڕەگەزەکە هەمان ڕەوت وەرناگرێت، بەڵکو هەر یەکەیان گۆڕان بەو ڕەمەکە تایبەتییانە دەدات کە بە خۆی ناخەکین. "لە شەڕەگەمەی کوڕاندا، لە بووکبووکێنەی کچاندا، ئەو ڕەمەکانەی شەڕ و خزمەتی کامڵەکان خۆیان ڕادەگەیەنن کە پاش چەند دە ساڵێک کاریگەرییان دەنوێنن" ([33]).

### 3.3 گەمەی رۆڵ

لەو گەمانەدا کە منداڵ دەیانکات، "گەمەکانی رۆڵ گرووپێکی تایبەتی" پێکدەهێنن ([34]). منداڵ لە گەمەی رۆڵدا هێشتا هەر گەمە بە بابەت دەکات، لێ ئێستا لەم گەمانەدا چیدی ڕوو ناکاتە گۆڕینی گەمەکان، بەڵکو "ڕوودەکانە سەرجەمێتیی من و گۆڕینی" ([35]). بۆ نموونە منداڵێک کە گەمەی ئاژووتنی ئۆتۆمۆبیل دەکات، دەشێت ئۆتۆمۆبیلەکەی لە کورسی یان بابەتێکی دی دروست بکات، لێ ئەم کورسییە "بەڕاستی" ئۆتۆمۆبیلەکەی ئەوە. لەم ڕەوشەدا ئەندێشە و ڕیالێتی لەنێو یەکدیدا تواونەتەوە، هۆی ئەمەش بە دیدی شتێرن لەوەدایە کە "لە سەرەتاوە سەبژێکتێتی و ئۆبژێکتێتیی ڕووداوەکان لە ئاگایی مرۆڤدا لە یەکدی جیانابنەوە، بەڵکو ئەم جیابوونەوەیە دوای گۆڕانێکی درێژخایەنی دەروونی ڕوودەدات. لە نێوان ئاڵوگۆڕی دیاردە و بووندا ژمارەیەکی یەکجار زۆر فۆرم هەیە کە زۆر جار بە زەحمەت شیاوی دیاریکردنن" ([36]).

منداڵ زۆرتر لە کەسی کامڵ زیندەوەری ساتە. "ئەم پابەندییە بە ساتەوە وادەکات کە منداڵ وەک کامڵەکان پێداویستیی نییە بۆ ئەوەی پێشبینییەکانی خۆی پەیوەند بە ڕابوردوو و ئایندەوە، ئەوجا لەم پەیوەندییەشدا بەهای ڕیالیان بپشکنێت" ([37]). بۆ منداڵ زۆر ئاسان ئەوە "ڕیال"ە، کە ئەو خۆی "بەچڕی ئەزموونی دەکات، ئەوجا تا ئەو کاتە کە ڕوودانەکە خۆی بەتەواوی بۆ ناوەڕۆکەکە تەرخان بکات، ئەو شتە هەر ڕیال دەمێنێتەوە" ([38]). ئەم ڕاستییە تەنیا گەمەی رۆڵە تایبەتییەکان ناگرێتەوە، وەک بۆ نموونە ڕودانی ئاژووتنی ئۆتۆمۆبیل کە منداڵ لەتەکیدا بە تەواوی

یەکانگیر دەبێت، بەڵکو هەروەها چواندنی بۆ ناوەرۆکی پێشبینییە ئەندێشەییەکانی خودی منداڵ هەیە، واتا ئەم ناوەرۆکانەش بۆ ئەو ڕیالێتین. منداڵ لەکاتی بیستنی ئەفسانەیەکدا یان لەکاتی گێڕانەوەیەکی خۆیدا، بۆ نموونە چیرۆکێکی دۆزراوە لە لایەن ئەو خۆیەوە، تەواو یەکانگیری ڕووداوەکان دەبێت. لای منداڵ "وەهمی ریالێتی (...) بەتەواوی یان (...) نزیکەی بەتەواوی لەگۆڕێیە"، هۆی ئەمەش بە تێڕوانینی شتێرن دەگەڕێتەوە بۆ "چڕیی ئاگایی خۆیی" لای منداڵ ([39]). سەرەڕای ئەمە پێویستە هاوکات جەخت لە واتای پەیوەندیی ئۆبژێکتیانە لە نێوان منداڵ و ژینگەدا بکەین. منداڵ لەنێو جیهانێکی زۆر تەنگدا دەژی، ئەم جیهانەش بریتییە لە ماڵی گوزەران و ئەندامانی خێزانەکەی، ئەوجا ئامرازەکانی گەمەکردن و کەمێک چوونە دەرەوە. "باقیەکەی دیکەی ژیان لە دوورەوە دژەدیاردەی خۆی بەسەر دیاردەی منداڵیدا ئاوەڵا دەکات"، ئەوجا کاتێک منداڵ ئەم "دژەدیاردەیە دەهێنێتە نێو دیاردەی ئەندێشە و گەمەکانییەوە، ئیدی بەم ڕێیەوە کایەی ژیانی خۆی فراوان دەکات. ئەو نەک تەنیا جادووییانە بابەتەکانی جیهانی دەرەوەی، بۆ نموونە ئەسپ و گالیسکە، شەمەندەفەر و پاپۆڕ و هتد، دەهێنێتە نێو جیهانی گەمەکەیەوە، بەڵکو هەروەها (...) مرۆڤەکانیش، ئەویش بەوە دەکات کە ئەو خۆی دەخاتە نێو ڕەوشی ڕۆڵەکانی ئەوانەوە. گۆڕینەوەی کەسێتیی خۆ بە کەسێتییەکی دی (...) دەشێت چڕییەکی زۆر سووڕهێنەر وەربگرێت" ([40]).

## 4. گەمەی سۆسیال

### 4.1 لاسایی

منداڵ لەکاتی زایینییەوە بە کەسانی کامڵ دەوردراوە. کەواتە نەک منداڵانی دی، واتا نەک هاوشێوەکانی، بەڵکو کامڵەکان یەکەم هەڤاڵانی ئەون لە گەمەکردندا. منداڵ خۆی دەخاتە نێو نوکتە و گۆرانییەکانی ئەوانەوە و بەوەش دەبێت بە بەشداریکەری ئەو شێوازەی ژیانی ئەوان. لێ لەتەک پێگەیشتنی تەمەندا داواکاریەکانی ئەو بۆ هاوتەمەنی گەمەڤان پەرەدەسێنن، چونکە لەتەک ئەواندا ئاساتر بۆی دەلوێت گرووپی گەمە پێکبهێنێت.

گەمە سۆسیالەکان، هاوشێوەی گەمە خۆییە تاکەکان، بە پلەی جیاوازدا ڕەت دەبن، لێرەشدا "لاسایی" بەدیدی شتێرن یەکەم پلەی توخمییە: یەکەم "و توخمیترین پاڵهێزی سەرجەم سۆسیالێتی و بەمەش گەمەی سۆسیال بریتییە لە لاسایی" ([41])، کە لە "سروشتی سێنسۆمۆتۆریکی منداڵەوە" ([42]) سەرچاوە دەگرێت. لێ لاسایی بە دوو شێوە، واتا

ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ڕوودەدات. "منداڵ ڕاستەوخۆ لاسایی دەکاتەوە، گەر ئەویش بە بینینی سەربازی مارشکەر کاری تێبکرێت و گەمەی سەرباز بکات، یان گەر منداڵێکی دیکە ببینێت کە لەنێو لمدا گەمە دەکات و ئەویش بییەوێت گەمەی لم بکات. لێ لاسایی ناڕاستەوخۆیە، گەر نموونەکە لە ساتی گەمەکردندا ئامادە نەبێت، بەڵکو پێشتر یان هەندێک جار دەرککرابێت" ([43]).

لەم ڕوانگەیەوە منداڵ لە لاساییەکانیدا پاسیڤ (بێلایەن) نییە، چونکە ئەو نەک تەنیا دەرکی بینراو و بیستراوەکان دەکات، بەڵکو تەنانەت لە بزووتنی خۆییدا بەکاریان دەهێنێت. گومانی تێدا نییە کە منداڵ لاسایی دراوە درەکییەکان دەکاتەوە، لێ لەبەر ئەوەی لاسایی بەگوێرەی کۆنسێپتەکەی شتێرن توانستێکی ناخەکیی خۆرسکە، ئەوا گەمەکانی منداڵ تەنیا لە لایەن نموونە ئۆبژێکتییەکانەوە دیاری ناکرێن، بەڵکو تێیاندا لایەنی خۆرسک و وەرگیراو تێکەڵ بە یەک دەبن. "فاکتەری دەرەکیی ژینگە تەنیا کەرەسە شیاوەکانی گەمە و نموونەکان دەنێرێت (...)، لێ ئەوە لە بنەڕەتدا فاکتەری ناخەکیی ڕەمەکی گەمەیە کە وادەکات کەی و چۆن فاکتەرە دەرەکییەکان ببن بە لاسایی ڕاستەقینە. ئاخر هەڵبژاردنی نائاگامەندانەی شت و ڕەوشە لاساییکراوەکان، هەروەها ئەو شێوازە کە چۆن لاساییکراوەکان وەردەگیرێن و کاریان تێدا دەکرێت، بەندن بە توانستە خۆرسکەکانەوە، واتا بە مەرجە ناخەکییەکانی گەشە و مەرجەکانی جیاوازیکردنەوە" ([44]).

لە تەمەنی نێوان سێ تا چوارساڵاندا، واتا کاتێک جیاوازییە تایبەتییەکانی ڕەگەزەکان دەردەکەون، "لادانی تەواو توخمی لە گەشەی گرنگیدان و شێوازی گەمەکردندا" دیاردەدات، ئەم گۆڕانەش بەندە بە "جیاوازیی ڕەمەکییەوە (...) کە لە ناخی مرۆڤدا ڕیشەی داکوتیوە" ([45]). بە دیدی شتێرن ئەم جیاوازییە ڕەمەکییانە هۆکارن بۆ چێبوونی جیاوازیی تینوتاو لە گەمەکانی منداڵاندا: گەمەی منداڵی نێرینە "شێتگیرترە" لە گەمەی منداڵی مێیینە، ئەم جیاوازیانەش هاوکات کاریگەرییان لەسەر ناوەرۆکی جیای گەمەکانی نێرینە و مێیینە هەیە. "کچ بە هەمان شێوەی کوڕ ئاژووتنی ئاگرکوژێنەر و مارشی سەربازی و هتد دەبینێت، کوڕ بە هەمان شێوەی کچ دەبینێت کە دایک خەریکی کاری نێوماڵە و خزمەتی برا بچووک دەکات، واتا هەردووکیان بەندن بە هەمان ئەو شتانەوە کە شیاوی لاساییکردنەوەن، کەچی سەرەڕای ئەوە بەدەگمەن بە هۆشی کچاندا دێت گەمەی سەرباز و ئاگرکوژاندنەوە بکەن، هەروەها بەدەگمەن بە هۆشی کوڕاندا دێت گەمەی لاسایی کاری زەویسڕین و خزمەتی برا بچووک بکەن" ([46]). لێ بە دیدی شتێرن هۆی لاساییکردنەوەی ئاگرکوژاندنەوە ئەوە نییە کە گۆیا کوڕان ئەم چالاکییە لە پیاوان دەبینن. ئاخر "جارێ ئاگایی ڕەگەزیی ئەوەندە لاوازە کە ئیدی منداڵ بەبێ هەڵبژاردن دوای کاریگەرییەکانی کەسانی کامڵی نێرینە و مێیینە دەکەوێت"، کەواتە "لە هەڵبژاردنی گرینگیدانەکاندا تایبەتمەندییە سروشتییە جیاوازەکانی هەردوو ڕەگەزەکە بە شێوەیەکی ڕەمەکییانە دەردەکەون: کچ بەزۆری گەمەی 'ماڵەوە'، لێ کوڕ گەمەی 'ژیانی گشتی' دەکات" ([47]).

ئێمە بە دیدی شتێرن لەم مۆرکە کرۆکییەی ڕەگەزەکانەوە دەتوانین ئەوە ڕوونبکەینەوە کە داخۆ فاکتەری لاسایی چە واتایەکی بۆ گەشەی منداڵ هەبێت. شتێرن ئەم پرسە پەیوەند بە سۆسیالیزەکردنی منداڵەوە ڕوون دەکاتەوە: گەمەی لاسایی "پرۆسەی وەرگرتنی کولتوور لەتەک خۆیدا دەهێنێت. منداڵ لە گەمەدا دەگات بە یەکەمین شارەزایی شێوەکانی ژیان و دەستکەوتە کولتوورییەکان، یان ئاکار و خووەکان و ئەوجا بەسەریاندا سەروەر دەبێت. ئەمانە موڵکی گەل و ژینگەی ناوچەیی و گرووپی سۆسیال و خێزانەکەی ئەون، جگە لەوە بناغەی لێرەبوونی ئەو وەک کامڵبوویەک پێکدەهێنن" ([48]).

## 4.2 گەمەی کۆیی

هەر ئەوەندەی منداڵ دەگات بە پلەیەکی بەرزتری گەشەی کەسێتی و لێرەشەوە تا ڕادەیەک گۆڕان بە ئاگایی جیهانی منداڵی دەدات، ئیدی هاوکات فێردەبێت بۆ لای منداڵانی دیکە بڕوات و بەو ڕێیەشەوە دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت ‘گەمەی نێوکۆیی‘ بکات. بەم شێوەیە منداڵان پێکڕا شێوەی تایبەتیی گەمە پێکدەهێنن و "بەشداریکەرانی ئەو گەمە کۆییە رۆڵی جیاواز وەردەگرن. ئێمە ئێستا لەم ڕەوشەدا دەتوانین لە ‘گەمەی کۆیی‘ ڕاستەقینە بدوێین. هەر هاوگەمەڤانێک ئەرکی تایبەتی لەو گەمەیەدا وەردەگرێت" ([49]).

گەمەی کۆیی یان هاوبەش بە دیدی شتێرن هاوکات دەرفەتێکە بۆ ئەوە کە منداڵ فێری زەرووره سۆسیالەکانی پێکەوەبوون ببێت، چونکە ئێستا بەدەگمەن ڕێی پێدەدرێت جڵەوی خۆی بۆ ڕەمەکی لاسایی بەربدات، هەروەها چیدی ڕێی پێنادرێت بە هەوەسی خۆی دوای پاڵهێزە سپۆنتانەکانی گەمەکردنی خۆی بکەوێت، بە پێچەوانەوە "دەبێت ئەرکێکی سۆسیال لەنێو مەبەستی هاوبەشی گەمەکردندا وەک ڕەهەندی دیاریکەر بناسێنێت و لەسەری بڕوات" ([50]).

گەر چەند منداڵێک پێکەوە کۆمەڵەیەکی گەمە دابمەزرێنن، ئەوا بەمە جۆرێکی دیکەی گەمە دەهێننە ئاراوە: "گەمەی نێوکۆیی رۆڵ". لەم جۆرە گەمانەدا منداڵێکی بەتەمەنتر و کامڵتر و بەهێزتر رۆڵی ڕابەر وەردەگرێت، جا ئەم رۆڵە لە پێناوی ئەوەدا بێت کە ئەو منداڵە جۆش بە گەمەکە بدات و رۆڵەکان دابەش بکات، یان لە پێناوی ئەوەدا بێت کە ئەو گەمەیە بەبێ کێشە بەربخرێت.

## ڕاڤە و ڕەخنەی تیۆریی گەمەی شتێرن

ڤیللێم شتێرن لەسەر پرنسیپی ئەنترۆپۆلۆژیانەی پێشکەوتن (التقدم) گۆڕان بە تیۆرییەکی گەمەی منداڵ و رۆڵی گەمە لە گەشەی کەسێتیی ئەودا دەدات. ئەم پرنسیپە پێشڤەچوونی کرۆکیانەی مرۆڤە لە زیندەوەرێکی سروشتیی کەمایەسیدارەوە ڕووەو کەسێتییەکی کۆمەڵایەتیی تەنراو بە هەڵوێستی سۆسیال و رۆڵڕەفتاری تایبەتی. لەم تیۆرییەی گەمەی منداڵدا، منداڵ جێگەی مرۆڤی ڕەمەکییانەی دۆخی سروشت (natural state) دەگرێتەوە، واتا ئەو دۆخە کە بە پێش ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی یان دەوڵەتیدا ڕادەبورێت و مرۆڤان بەزۆریی بەگوێرەی یاسا سروشتییەکان ڕەفتار دەنوێنن. لەم روانگەیەوە سادەترین بزووتنەکانی منداڵ مەبەستمەندن. پێگەی ئۆنتۆگێنێزیی مرۆڤ، بە پێچەوانەی ئاژەڵەوە کە بەندە بە سروشتەوە، مرۆڤ دەکات بە زیندەوەرێکی کراوە ڕووەو جیهان، کە بێگومان هاوکات خاوەنی پێداویستییە بۆ هاومرۆڤان و فێربوون، واتا مرۆڤ دەبێت خۆی جارێ بۆ مرۆڤبوونی پێبگەیەنێت. بە واتایەکی دی، لەبەر ئەوەی ئۆرگانەکانی مرۆڤ وەک لای ئاژەڵ بە ژینگەکەی گونجاو نین، ئەوا ناچارە تواناکانی خۆی کامیل بکات. شتێرن لەم ڕوانگەیەوە گۆڕان بە تیۆرییەکی گەمەی منداڵ دەدات، واتا تیۆرییەکەی جەخت لە ڕەهەندی کامیلبوون دەکات. وەک شتێرن دەنووسێت، "تێکشکاندن" لە مێژووی دەروونیی منداڵدا هاوشێوەی گۆڕانە مێژووییەکان بە پێش "بیناکردن"دا ڕادەبورێت (51).

گەمە لە سروشتی سێنسۆمۆتۆریکی منداڵەوە دێتەئاراوە، لێ ئەم توانستە خۆرسکەی گەمە لای شتێرن تێکەڵ بە دەرککردنی ژینگەیی منداڵ دەبێت، ئەوجا ئاوەڵابوونی گەمە لە ڕەوتی گەشەی مناڵدا پرۆسەیەکی هەڵچووە لە قۆناغی تێکشکاندنەوە ڕووەو قۆناغی دروستکردن. وەک شتێرن دەنووسێت، منداڵ لە ڕەوتی تێکشکاندنی بابەتەکاندا "فێر"ی یاساکانی جیهانی شتان و پێکهاتەی ئەو شتانە دەبێت، ئەوجا هێدی هێدی گۆڕان بە "توانای پێکهێنانی دەروونی" دەدات (52). منداڵ شادی دەبینێت لە بوونی خۆی بە هۆکار. منداڵ بە تایبەتی لە ساتی تێکشکاندنی شتەکاندا دەرکی هۆکاربوونی خۆی دەکات. لێ شادیبینین لە بوونی خۆ بە هۆکار سەرەنجام دەخاتەوە کە "شادیبینینە لە زۆرانی هۆشەکی"، ئەوەش بێگومان دێتەگۆڕی، گەر منداڵ بتوانێت لەم ڕەوشەدا فۆرم بە شتەکان بدات (53). کەواتە تیۆریی گەمەی منداڵ لای شتێرن ڕوو دەکاتە کرداری ئاڕاستەدراو ڕووەو ئایندە و تێیدا هێدی هێدی توانستە سۆسیالە جدییەکان شکۆفە دەکەن.

گومانی تێدا نییە کە ڤیللێم شتێرن یەکێکە لەو پسیکۆلۆژانە کە بۆ یەکەم جار لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا خۆیان زانستیانە بە جیهانی منداڵەوە خەریککردووە، ئەمەش کارێکی دژوارە. لێ ئەو کارە نەک تەنیا بەهۆی هەقیقەتی

مەتەڵئاسای جیهانی منداڵەوە دژوارە، بەڵکو بەو هۆیەشەوە کە زۆر جار توێژەرێک بەناچاری دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هۆشی سەردەمەوە. گەر لە سەردەمی شتێرن بڕوانین، ئەوا دەبینین کە ئەو سەردەمە هێشتا هەر بەزۆریی لەژێر کاریگەریی ئیدێی پێشکەوتندا بوو، بۆیە جێی سووڕمان نییە کە شتێرن وەک پسیکۆلۆژێکی ڕابەر لە بواری توێژینەوەی ژیانی منداڵدا ئەو ئیدێیانە بگوازێتەوە بۆ نێو پسیکۆلۆژی کە لە بنەڕەتدا ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی بزووتنەوەی ڕۆشنایی. ئەم کێشەیەی کاریگەریی سەردەم هاوکات لە زمانی شتێرندا دەردەکەوێت و بۆیە ناشێت مایەی توانج بێت، چونکە شێوازی خۆدەربڕینی ئەو دەمە جیاواز بوو لە ئەمڕۆ. ئەمە بۆ نموونە لە واژە و دەستەواژەکانی وەک "خەبات"، "شادیبینین لە شەڕ"، "خەبات لەدژی بابەتەکان" و هتد دەردەکەوێت. لە بنەڕەتدا کێشەی ئەم تیۆرییەی شتێرن لەوەدایە کە ئەو مەبەستی دەرەکی بە گەمەوە دەلکێنێت: مەبەستە ناخەکییەکانی نێو گەمە وا لە گەمە دەکەن کە ببێت بە دەسوێژێکی بناغەیی لە خزمەتی ئەرکەکانی ژیاندا. بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کێشەیە بەگونجاوی دیاربهێنین، تیۆریی نوێتری گەمە لای هانز مۆگل بەهەند وەردەگرین. بەم شێوەیە دەشێت بگەین بە تێڕوانینێکی وردتر بۆ هەقیقەتی گەمە.

مۆگل بە تێبینییەکی ڕەخنەیی ڕوودەکاتە گەمەی منداڵ: هیچ کام لە هەوڵە تیۆرییە هەمەلایەنی و هەمەتوێژەکان ناتوانێت "داواکارییەکی ئەوتۆ بۆ خۆی بەرزبکاتەوە کە گۆیا تاکە تیۆرییەکی گونجاوە. لە بنەڕەتدا گەمەی منداڵ هەتا ئەمڕۆ هێشتا هەر مەتەڵێکی سووڕهێنەرە" ([54]).

گەمە بە دیدی مۆگل "فۆرمێکی سەنترالییە لە ژیانی منداڵدا" ([55]). ئەمیش، هاوشێوەی شتێرن، ئەو تێزە دادەنێت کە واتا و مەبەستی گەمە لەنێو خودی گەمەدایە، بە واتایەکی دی "گەمە ئازادە لە هەموو مەبەستێکی دەرەکی" ([56]). لێ کاتێک شتێرن لە گەمەدا مەبەستی ناخەکی (ئیمانێنت) دیاری دەکات و مەبەستەکانیش خودی گەمە دەخەنە خزمەتی ئەرکە گشتییەکانی ژیانەوە، ئەوا مۆگل بە پێچەوانەوە لە نێوخۆی گەمەوە وەڵامی پرسی گەمە دەداتەوە: منداڵ لە گەمەدا، "ڕاستەوخۆتر و بێخەوشتر و کامڵتر لە هەر چالاکییەکی دیکەی ژیانی، ڕیالێتییە خۆییەکەی" دروست دەکات ([57]). لێ، وەک مۆگل دەبێژێت، هەڵەیەکی مەزن دەبێت گەر هەوڵ بدەین لە ئاگایی مرۆڤی کامڵەوە خودی گەمەی منداڵ دیاری بکەین- گەمە کە لە بنەڕەتدا ژیاندنی ڕیالێتیی خۆیی منداڵە. "گەمەی منداڵ لەنێو ئەو خۆیەوە ژیان وەردەگرێت و تەنیا لەوێوە دەتوانین لێی تێبگەین. لێ ئەم ژیانە لەنێو خودی خۆوە ڕەنگینە و پڕە لە دیاردەی چاوەڕواننەکراو، ئەمەش هاوشێوەی ژیانی منداڵ خۆی. گەر بمانەوێت بگەین بە تێگەیشتنی یەکێک لە فۆرمە سەنترالییەکانی ژیانی منداڵ کە گەمەیە، ئەوا دەبێت خۆمان بخەینە سەر ئاستی پەیوەندییەکانی ژیانی ئەو، واتا خۆمان بەدەستەوە بدەین. لێ ئەمە پێش هەموو شتێک ئەو واتایە دەگەیەنێت کە منداڵ وەک تاکەکەس قبووڵبکەین، بێگومان

تاکەکەسێک کە لە ڕێکخستنی هەڵوێستی خۆیدا ڕێگەی خۆی دەگرێتە بەر، لێرەشدا دەخوازێت خۆی ئاڕاستەکانی ڕێگەکەی دابنێت. گەمە لەم لایەنەدا چاکترین دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێت" ([58]).

کەواتە هەردوو توێژەر گەمە وەک کردارێکی سپۆنتان (عەفەوی) دادەنێن، واتا وەک کردارێک کە منداڵ لە ڕەوتیدا خۆی و ژینگەکەی دەگۆڕێت، لێ هەردووکیان هاوکات لە تێڕوانینیاندا بۆ گۆڕانی تاکەکەسیی (ئیندیڤیدوێل) جیادەبنەوە. شتێرن لە کۆڕپەی شیرەمژەدا، کەواتە لە سەرەتای ژیانی جیهانیی منداڵەوە، ڕەهەندێک ڕووەو وەرگرتنی ڕۆڵڕەفتار دیاری دەکات، لێرەشدا ڕۆڵی پەروەردە دەخزێتە پشتییەوە. ئاخر گۆڕانەکە ڕەمەکییە. ئەم کێشەیە بەتایبەتی لە پێشاندانی گەمەی تایبەتی دوو ڕەگەزەکەدا دیاردەدات. گومانی تێدا نییە کە شتێرن دروست جیاوازیەکانی نێوان ڕێسای دەروونیی نێرینە و مێیینە دیاری دەکات: جیاوازی لە شێوەی هەستکردنی نێرینە و مێیینەدا کاریگەریی لەسەر جۆرەکانی گەمەی هەردووکیان دادەنێت. لێ کێشەکە لای شتێرن ئەوەیە، کە تاکەکەسەکان ڕێگەی خۆیان ناگرنە بەر، بەڵکو شتێرن لە گەمەکانیانەوە ڕۆڵڕەفتارە سۆسیالە تایبەتییەکان دەردەکێشێت: لە گەمەی زۆرانی کوڕاندا، لە گەمەی بووکبووکێنەی کچاندا، ئەو ڕەمەکانەی زۆران و خزمەتگوزاری خۆیان ڕادەیەگەیەنن کە پاش چەند دە ساڵێک کاریگەرییان دەنوێنن ([59]). لێ مۆگل بە پێچەوانەوە گەمە وەک هێنانەگۆڕێی ریالێتییەکی (داکەوتێکی) گەمە دەبینێت کە هاوشێوەی هەموو ڕیالێتییەکانی دیکەی ژیان جددی و کرۆکییە. گەمە وەک گەمە دەمێنێتەوە و "ئازادە" لە هەموو ئەو مەبەستە دەرەکییانە کە پێگەیشتووەکان لە دەرەوە دایاندەنێن. لەم ڕوانگەیەوە بەهای گەمە خۆی لە موئایەشەکردنی هەنووکەییدا دەبینێتەوە، بۆیە لای منداڵ دەبێت بە دەروویەک بۆ خۆنوێکردنەوە و بەرینکردنی 'من'ی ئەو. بێگومان لای مۆگلیش پارادۆکسیی ئامانجی دەرەکی دێتە ئاراوە، واتا گەمە لەسەر ڕێسای تایبەتی بەردەخرێت و ئەمەش مەبەستێکی دەرەکییە، لێ سەرەڕای ئەمە گەمەی ڕاستەقینەیە. گەر خێزانێک، بۆ نموونە دایک و باوک و منداڵ کۆببنەوە و گەمەی "کڵاوکڵاوێنە" بکەن، ئەوا دەشێت دایک و باوک پێشیار بکەن کە گەرەکە ئەو ئێوارەیە پێکرا شتێک ئەنجام بدەن، واتا گەمەیەکی کۆیی بکەن، تاکو شادی لەو کاتبەسەربردنە پێکەوەییە ببینن. "لەم ڕەوشەدا مەبەستە دەرەکییەکە، کە چالاکییەکی نێوکۆیی هەموو خێزانەکەیە، بە مەبەستی ناخەکیی گەمەکەوە گرێدراوە کە شادیبینینی هەمووانە پێکەوە..." ([60]).

منداڵ بە دیدی مۆگل لە ڕەوتی گەمەدا وزەی خۆیی وەردەگرێت، لێ دینامیک و ڕەوتی گەمە هەروا ئاسان لە سەرەتاوە نایەنە گۆڕێ. بە دیدی مۆگل چەند مەرجێک هەن بۆ ئەوەی منداڵ لە خۆیەوە دەست بە گەمە بکات و بەردەوامیی پێبدات. هەندێکی مەرجە بەرخەرەکانی گەمە لە ناخی منداڵ خۆیدان، ئەوانی دیکەیان لەنێو ژینگەی نزیکی ئەودان. تەنیا گەر منداڵ پێداویستیی بۆ گەمە هەبوو، ئەو بەڕاستی گەمە دەکات، لێ ئەو تەنیا کاتێک دەتوانێت گەمە بکات، گەر ژینگەکەی دەرفەت بۆ گەمەکەی بڕەخسێنێت، بۆ نموونە منداڵ ئەو ئامرازانەی گەمەی لە بەردەستدا بێت کە

تایبەتن بە خواستی گەمەکەی. ژینگەیەکی کەموروژێنەر بەبێ هیچ ئامرازێکی گەمە دەشێت پێداویستیی منداڵ بۆ گەمە سست بکات بە هەمان شێوەی ژینگەیەکی پڕ لە ئامرازی گەمە کە ئامرازەکان هوروژم بۆ پێداویستییەکانی بەرن. لە حاڵەتی یەکەمدا دەشێت حەزی گەمە بەهۆی کەمایەسیی بابەتی گەمەوە ساتار نەبێت، لە حاڵەتی دووەمدا ڕەنگە حەزی گەمە بە هیچ شێوەیەک سەرهەڵنەدات، چونکە بە هۆی نقومبوونی منداڵەوە لەنێو ئامرازی گەمەدا گرژیی فزوولییەت خاودەبێتەوە.

بە دیدی مۆگل منداڵ لە گەمەدا هاوکات فۆرم بە خۆی و ژینگەکەی دەدات، واتا ڕوودانی گەمە گرێدراوە بە گۆڕینێکی هاوکاتیانەی خۆ و ژینگەوە. گەمە پەیوەندییەک لە نێوان دوو شێوەی گۆڕاندا چێدەکات: گۆڕانی ناخەکی کە خودی منداڵەکە دەگرێتەوە، ئەوجا گۆڕانی دەرەکی کە ژینگەی ئەو دەگرێتەوە. واتای پسیکۆلۆژیانەی ئەم پەیوەندییە لەوەدایە کە منداڵ و ژینگەکەی بە فۆرماندنی گەمەکەرانە دەبن بە سەرجەمێکی کردار، لەو ڕەوتەشدا هەردوو لایەنی ئەو سەرجەمە بەرپێی گەمەی منداڵەوە پتر گۆڕانیان بەسەردا دێت.

لێ لەبەر ئەوەی کامڵەکان یەکەمین هاوگەمەڤانی منداڵن نەک هاوتەمەنانی، ئەوا هەردەم مەترسیی ئەوە لەگۆڕێیە کە منداڵ بەردەوام پتر گیرۆدەی فەزای ژیانی کامڵەکان بکرێت، بەمەش فەزای منداڵی لای ئەو تەوا تەنگ بکرێت. لە بنەڕەتدا منداڵی کە شێوازی ژیاندنی خواست و ئەندێشەکانی منداڵە لە فەزای منداڵانەی ئازاددا، لە دیدی کامڵەکان بۆ منداڵی جیانابێتەوە، لێرەشدا پرسیارێکی کرۆکی ئەوەیە کە داخۆ ئەوان تا چەند ئەو جیهانە تایبەتییەی منداڵیان لە ئاگاییەوە ناساندووە، یان داخۆ تا چەند لە جیهانبینیی ترادیسیۆنییانەوە وایدادەنێن کە منداڵ بابەتێکی خۆشەکردنە بۆ ئایندە، واتا داخۆ چۆن منداڵ بە دیدی ئەوان ببێت بە پیاو یان بە ژن. لەم ڕوانگەیەوە کە جیهانبینییانە بنیاتنراوە، نەرێنیی خودی "منداڵی" دەکرێت، کە ئیدی وەک سەرەنجام گەنجی پیاوانە یان ژنانە سەرهەڵدەدات نەک گەنجی گەنجانە. لێرەدا کوڕێتی و کچێتی زوو دەپووکێنەوە و هەریەکەی ڕەگەزەکان لە بنەمای لاسایی کامڵەکانەوە نەک تەنیا ڕەفتاری کامڵانە بەرهەمدەهێننەوە، بەڵکو تەنانەت لەو تەمەنە گەنجەدا شێوەی کامڵانە لەسەر ڕوخساریان دیاردەدات.

لەبەر ئەوەی جیهانی ناخەکیی منداڵ دووبەش نەبووە بەسەر ئاگایی و جیهانی دەرەکیدا، بەڵکو ئەو لە کردارەکانیدا کە گەمەش یەکێکیانە، دەژی و تەنانەت ئەندێشەکانی بۆ ئەو ڕیالن، ئەوا تەنیا لە منداڵیدا گەمەی "ساغ" هەیە. هۆی ئەمە لەوەدایە کە منداڵ هێشتا "سەرجەم"ێکە، واتا نەشکاوە — دووبەش نەبووە بەسەر ئاگایی و دانراوی (ئۆبژێکتی) ئاگاییدا، یان بەسەر خۆ و جیهاندا. لەم ڕوانگەیەوە پێگەیشتن یان فێربوون و گەمە لەنێو یەکدیدان. لە نیۆرۆلۆژیدا "توێژینەوەکانی مێشک" ئاشکرایان کردووە کە "فێربوون هەمیشە لەو کاتانەدا ڕوودەدات کە ئێمە هەست دەکەین، ئەزموون دەکەین، دەهزرێین، بڕیاردەدەین و کردار دەنوێنین. ئاخر هەر کاتێک ئێمە مێشکمان بەکاربهێنین، ئیدی ئەو گۆڕانی بەسەردا دێت. ئێمە دەتوانین لەم ڕوانگەیەی نیۆرۆلۆژییەوە بگەین بە دیدێکی فراوانتر بۆ شێوازە جیاکانی

فێربوون (...). توێژینەوەکانی مێشک پێشانی دەدەن کە گەمە و فێربوون بۆ منداڵان وەک یەکن" ([61]). لەم ڕوانگەیەوە گەمەی منداڵ زەمینەیەکە بۆ گەیشتن بە توانستی تاکەکەسی و بەمەش فاکتەرێکی کرۆکییە لە گەشەی کەسێتیی ئەودا.

## پەراوێز

1) Stern, William: Psychologie der frühen Kindheit. Leipzig 1914, S. 212.
2) Ebenda, S. 212.
3) Ebenda, S. 213.
4) Ebenda, S. 215.
5) Ebenda, S. 213.
6) Ebenda, S. 213.
7) Ebenda, S. 213.
8) Ebenda, S. 213.
9) Ebenda, S. 214.
10) Ebenda, S. 214.
11) Ebenda, S. 214.
12) Ebenda, S. 214.
13) Ebenda, S. 218.
14) Ebenda, S. 218.
15) Ebenda, S. 218.
16) Ebenda, S. 223.
17) Ebenda, S. 224.
18) Ebenda, S. 54.
19) Ebenda, S. 54f.
20) Ebenda, S. 55.
21) Ebenda, S. 224.
22) Ebenda, S. 224.
23) Ebenda, S. 225.
24) Ebenda, S. 225.
25) Ebenda, S. 225.
26) Ebenda, S. 226.
27) Ebenda, S. 226.
28) Ebenda, S. 226.
29) Ebenda, S. 226.
30) Ebenda, S. 226.
31) Ebenda, S. 226.
32) Ebenda, S. 227.
33) Ebenda, S. 215.
34) Ebenda, S. 229.
35) Ebenda, S. 229.
36) Ebenda, S. 187.
37) Ebenda, S. 188.
38) Ebenda, S. 188.
39) Ebenda, S. 188.
40) Ebenda, S. 191.
41) Ebenda, S. 233.
42) Ebenda, S. 217.
43) Ebenda, S. 217.
44) Ebenda, S. 220.
45) Ebenda, S. 221.
46) Ebenda, S. 221.

47) Ebenda, S. 221.
48) Ebenda, S. 219.
49) Ebenda, S. 224.
50) Ebenda, S. 234.
51) Ebenda, S. 225.
52) Ebenda, S. 226.
53) Ebenda, S. 226.
54) Mogel, Hans: Psychologie des Kinderspiels, Berlin 1991, S. IX.
55) Ebenda, S. IX.
56) Ebenda, S. 9.
57) Ebenda, S. 10.
58) Ebenda, S. IX-X.
59) Stern, William, a.a.O., S. 215.
60) Mogel, Hans, a.a.O., S. 45.
61) Spitzer, M.: Spielen und Lernen. Friedrich Schiller und der Wachstumsfaktor BDNF. In Zeitschrift Geist und Hirn, Nr. 5. 2008, S. 461.

## فەرهەنگۆک

ئۆنتۆگێنێزە: گۆڕانی تاک (ئیندیڤید) لە هێلکۆکەوە ڕووەو دۆخی پێگەیشتووی ڕەگەزی.

سێنسۆمۆتۆریک: هەماهەنگیی ئۆرگانە سێنسییەکان (حەواسەکان) و ماسولکە بە کاریگەریی وروژێنەرەکان.